# هاوسەرگیری مسیار و دەرەنجامەکانی

## 8 کورتە چیرۆکی ڕاستەقینە



نووسینی: سالار عومەر

## پێشکەشە بە:

*بەهەمـــوو ئەو کەســـە داوێنپاکـــانەی بە ڕێگـــایەکی ڕاســـت و درووســـت هاوســـەرگیری دەکەن و خۆیـــان بەدووردەگـــرن لەهەر هەڵە و پەڵەیەکـــی کە ببێـــتە هۆکاری لەکەدارکردنیان.

# پێشەکی

ئەم نـــامیلکەیە ئاگـــادارکردنەوەیەکی دڵســـۆزانەیە لەلایەن بەنـــدە بۆهەمـــوو تـــاکێکی موســـڵمان، تـــا خۆیـــان بەدوور بگـــــرن لەئەنجامـــــدانی هەر هەڵەیەک کە لەجـــــێگەی ئەوەی ژیانیـــان بـــاش و دروســـت بکـــات، ژیانیـــان وێـــران و سەرگەردان بین.

جـــــگەلە خۆیـــــان دەورووبەریشـــــیان بەهـــــۆی ئەوانەوە تووشـــی کێشـــەو نەهـــامەتی دەکەن و ڕێگـــای ڕزگـــاری و خـــــۆ دەربـــــازکردن ئەســـــتەم دەکەن لەم گێـــــژاوانەی کە دروستی دەکەن.

ئـــێمە لێـــرەدا بەخســـتنەڕووی چەنـــد چیرۆکێـــک و باســـێکی کـــورت دەربـــارەی هاوســـەرگیری مســـیار بەرچـــاو ڕوونـــی دەدەیـــنە موســـڵمانان تـــا پـــێش ئەوەی دەســـت بـــۆهەر کارێـــک بەن، بیر لەئەنجامەکانی دوایی بکەنەوە...

داواکـــــارم لەالـــــلە تعـــــالی، ئەم نـــــامیلکەیە بچووکەمـــــان لێوەربگرێت بەخێرو چاکە بۆمان تۆماربکات... آمین .

سالار عمر / هاوینی ١٤٤٧ی کۆچی هەولێر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# بەشی یەکەم

## "چیرۆکەکان"

## چیرۆکی یەکەم

خـــاوەنی چیـــرۆکەکە باســـی ئـــازارە تـــاڵەکەی دەکـــات لەهاوسەرگیرییەکەی بەڕێگەی مسیار..

من کچێکم تەمەنـم چـل سـاڵی تێپەڕانـدووە، و لەکـاتێکەوە تەمەنم سی سـاڵی تێپەڕانـد، کەس داوای هاوسـەرگیری لـێم نەکرد.

ڕۆژێکیـان پیـاوێکی خێزانـدار کە چەنـد منـداڵێکی هەبـوو داوای هاوســەرگیری لێکــردم. دوای بیرکردنەوەیەکــی زۆر، وەک هاوسەرێک قبووڵم کرد، بەڵام داواکارییەکەی ئەوە بوو کە هاوســەرگیری مســیار بکەیــن تــا ژنەکەی نەزانێــت و خێزانەکەی پەرتەوازە نەبێت. بەمەرجەکەی ڕازی بووم.

لەسەرەتای هاوسەرگیرییەکەدا پیاوێکی دڵ باش و میهرەبـان بوو بەهەموو مانای وشە.

هەفتەی یەک ڕۆژی بۆتەرخان دەکردم، بەدزیـیەوە دەهـات و بەدزیـیەوە دەڕۆیشـت. شـەوو ڕۆژ سوپاســی خـودام دەکـرد لەسەر نیعمەتی هاوسەرگیری.

بەڵام کاتێکی زۆر تێنەپەڕی تا بینیم حاڵی گۆڕاوە. بوو بەکەسێک کە زۆر سووکایەتی پێدەکردم و جنێوی دەدا، تەنانەت دەستی کرد بەلێدان و ئازاردانم، بەشێوەیەک شوێنی لێدان بەسەر جەستەم دیاربوو، ئازارەکەی چەند ڕۆژێک دەمایەوەو هێزی لێدەبڕیم.

توانای ئەو هەموو سووکایەتی و لێدان و بەکەم سەیرکردنەم نەدەگرت، بەجۆرێک خۆم دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی لەشفرۆش بم بۆتێرکردنی حەزە شەیتانییەکانی و ئاژەڵێکیش بم بۆدامرکاندنەوەی توڕەیی و کێشەکانی، بۆیە داوای تەڵاقم لێکرد، بەرگەی ڕەفتارە ڕەقەکانیم نەما.

کەچی ئەو، مامەڵەی لەگەڵ کردم کە پارەی پێبدەم لەبەرامبەر ڕزگاربوونم لێی بەجیابوونەوە.

منیش هەڕەشەم لێکرد ئەگەر تەڵاقم نەدات و ئازادیم پێنەبەخشێت، دەچم و نهێنییەکەی لەبەردەم ژنەکەیدا ئاشکرا دەکەم. ئەوجا لەترسان ڕازی بوو جیابووینەوە.

لەم هاوسەرگیرییەمدا، تا ئەمڕۆ پەشیمانم لەقبوولکردنی هاوسەرگیرییەکی لەم شێوەیە، ژیانی وێران کردم و دەروونی

تێکدام، ئێستا نامەوێ بەڕێگا ڕاستەکەش شـووبکەم هێنـدە ترساوم، هێندە ئومێدبڕ بووم لەهاوسـەرگیری، تکـایە بەڕێگـا ڕاستەکەو سەربەرزانە شوو بکەن، با نەبنە کـاڵاو بـوکەڵەی دەستی ئەم و ئەو.

# چیرۆکی دووەم

مـــن بەدەســـت ســـتەمی ژنەکەم و زۆرداری خەزوورانمەوە دەمناڵانـد کە هەرگیـز لەخـودا نەدەترسـان. هەمیشـە هەمـوو ئازارەکانمم لەگەڵ ئەوو خێزانەکەیدا بۆهاوڕێکەم لەکار باس دەکرد، و ئەوەی کە هەمـوو ژیـانم لەبەر ئەو ڕق لێبـووەتەوە. تەنها شتێک کە وای لێـدەکردم بەرگەی بگـرم منـداڵەکانمان بوون کە لەدنیا دەترسام بۆیان.

ڕۆژێکیان هـاوڕێکەم خوشـکەکەی خـۆی بۆپێشـنیار کـردم بۆهاوســـەرگیری بەڕێـــگەی مســـیار. ئەو کـــاتە مانـــاکەیم نەدەزانــی، بەڵام بـۆی ڕوون کـردمەوە کە نهێنیـیـەک دەبێـت لەنێوانمانداو کەسی تـر پێـی نازانێـت. سـوودی لێـوەردەگرم بەدابینکردنی هەندێک بەختەوەری بۆخۆم. سەبارەت بەویـش دەترسـا هاوسـەرگیری بکـات و مێـردە پێشـووەکەی کـچە تاقانەکەی بەزۆر لێبستێنێت.

هـاوڕێکەم تـا کۆتـایی هاوسـۆز بـوو لەگەڵ هەردووکـانـدا، ژوورێکی نووستنی لەماڵەکەیدا پێداین. هەفـتەی سـێ جـار دەچـوومە لای. لەڕاسـتیدا هەسـتم دەکـرد وەک ئەوەی تـازە

لەدایکبووبمەوە لەبەر ئەو هەموو بەختەوەرییەی کە هەستم پێدەکرد. بەڵام هەر کە مێردە پێشووەکەی بەهاوسەرگیرییەکەی زانی، کچەکەی بەشەرعی لێسەند. بۆیە بارودۆخ لەنێوانماندا خراپ بوو.

داوای لێکردم هاوسەرگیرییەکەمان ئاشکرا بکەم وماڵێکی تایبەتی بۆدابین بکەم، و منداڵمان ببێت. من نەمدەتوانی بەرگەی داواکارییەکانی و ئەو هەموو کێشەیەی کە لەنێوانماندا دروست بوو بگرم، بۆیە تەڵاقدانمان تاکە چارەسەر بوو بۆکۆتایی هێنان بەهەموو ئەمانە. باری داراییم ڕێگەی بەهەموو ئەوە نەدەدا کە لێی داوا دەکردم. ئەزموونێکی تاڵ و ژیانێکی سەختتر کەوتە پێشم... ئێستا خەمەکان و ژانەکانم چەند هێندەتربوون، هەنگاوێکم ناوە نەدەتوانم بەردەوامبم، نەدەتوانم بکشێمەوە.

هەندێکجار ئەوەی بیری لێدەکەمەوە مردنە، نەک ژیان، بەڵام مردنیش بەڕوویەکی جوان نامباتە لای پەروەردگار.

پەندو وانە:

*ئافرەت دەبێ سایەو سێبەری حەسانەوەی پیاو بێت، گەر ئافرەتی یەکەم ڕێزو سەنگی بۆپیاوی دانابا، پیاوەکەی هێندە سەرگەردان نەدەبوو کە ئاوات بەمردن بخوازێت.

*پیاویش دەبێت ئارامی هەبێت لەسەر ناڕەحەتییەکان و هەوڵبدات خێزانەکەی لەناخۆشی و لاری بپارێزێت و پەلە نەکات و هەڵە نەکات کە چاککردنەوەی هەڵەکە ببێتە هۆکارێک کە ژیانی خۆی و دوو هاوسەری بخاتە ژێر بارێکی قورس و شەرمەزارکەرانە.

# چیرۆکی سێیەم

چیرۆکـــی کچێـــک کە هاوســـەرگیری لەگەڵ پیـــاوێکی دەوڵەمەندا کردبوو.

ئەو چێژی تەواوی تێدا دەدۆزییەوە کە ڕێگاکانی بەختەوەری بۆدابین دەکرد کە لەژیانـدا پێویسـتی بـوو. بەڵام ڕۆژێکیـان هاوســەرەکەی هـاتەوە نـاو مـاڵە گرانبەهـاکەی، ئـافرەتەکە بەبزەیەکەوە لێی پرسی و دڵخۆشی ڕووخسـاری داپۆشـیبوو:

"حەز دەکەیت ناوی کوڕەکەمان چی بنێین؟"

هاوسەرەکەی بەوشـەی جیـابوونەوە هـاواری بەسـەردا کـرد، چـونکە پابەنـدی قسـەکانی نەبووبـوو کاتێـک لەگەڵیـدا ڕێککەوتبوو منداڵیان نەبێت.

بـۆیە جیـابوونەوەو کـچەکەی لەنـاو سەرلێشـێواوییەکدا بەجێهێشـت. نەیـدەزانی مانگەکـانی دووگیـانییەکەی تەواو بکـات یـان تـاوانێکی لێخۆشـبوونەکراو ئەنجـام بـدات بەرزگـاربوون لەو کـۆرپەلەیەی کە لەسـکیدابوو، کەسـیش لەبنەڕەتدا دانیپێدانانێت و وەکو منداڵێکی ئاسایی مـامەڵەی

لەگەڵ ناکـات، بەڵکـو تـا مـاوە بەچـاوێکی سـووک و ڕێـز لێنەگیراو لەکۆمەڵگەکەیدا سەیردەکرێت.

پەندو وانە:

ئـافرەت دەبـێ سـەنگ و بەهـای لەدەسـت نەدات بـۆهیچ پیاوێـک، کارێـک نەکـات کە تـا لەژیـان و دوای مـردنیش شەرمەزاری بهێنێت بۆمنداڵ و نەوەکانی.

# چیرۆکی چوارەم

لەبەر خراپی بارودۆخی دارایيم هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێک کرد. ئەو کات تەڵاق درابووم و هیچ ڕێگەیەکی ترم بۆخۆم نەدەدۆزییەوە جگەلە هاوسەرگیری. بۆیە بەهەموو مەرجەکانی ڕازی بووم. منداڵی گەورەی هەبوون، بۆیە مەرجی دانا کە بەهاوسەرگیری مسیار هاوسەرگیری بکەین تا ژن و منداڵەکانی بەکاروباری ئێمە نەزانن.

ماڵێکی بۆ بەکرێ گرتین، و زۆر بەخشندە بوو لەگەڵم و سۆزدارو میهرەبان بوو. بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەژدە مانگ بەسەر هاوسەرگیریماندا، ژنەکەی بەکارەکەی زانی. کوڕە گەنجەکانی نارد تا کارێکم پێبکەن کە کەس بۆخۆی قبووڵی ناکات. ڕاویاننام و ڕاویاننا، و لەکۆتاییدا تەسلیمی فەرمانیان بوو. تەڵاق بوو بەبەشم.

پەندو وانە:

هەموو شتێکی شاراوە تا هەتایە بەشاراوەیی نامێنێتەوە، ڕۆژێک دێت هەموو شاراوەکان ئاشکرا دەبن.

# چیرۆکی پێنجەم

دوای ئەوەی لەهاوسەری پێشووم جیابوومەوە، هەستم بەتەنهایی دەکرد، ویستم هاوسەرگیری بکەمەوە، بەڵام براو خوشکەکانم داوایان دەکرد کەمێک بوەستم تا کەسێکی چاک دێتە داوام و ئەوکات بەڕەزامەندی هەموو لایەک شوو بەکەمەوە.

بەڵام من سەبرم نەگرت و کەسێکم ناسی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دوای قسەکردنێکی زۆر ڕێککەوتین بەهاوسەرگیری مسیار بمکاتە خێزانی خۆی، دوای ماوەیەک گەر لەگەڵ یەکتر گونجاین ئەوکات ئاشکرابکرێت هاوسەرگیرییەکە.

پیاوەکەم هەفتانە چەند ڕۆژێک دەهات، منیش بەفێڵی بازاڕو شت کڕین لەگەڵی دەردەچووم، دوای ئەوەی لەگەڵ یەکتر دەبووین و دەچووینە شوێنی چۆڵ یان هۆتێل یان باخێک، چێژمان لەیەکتر دەبینی، دوای جووتبوون و تەواوبوون، منی دەگەڕاندەوەو لەسەر شەقامێکی نزیک ماڵێ دادەبەزیم و دەگەڕامەوە. ساڵێک بەمشێوەیە بەردەوامبووین.

ڕۆژێـک بـرا گەورەکەم پێـی ڕاگەیانـدم داواکـاریم هـاتووە، منیش ڕێک لەشوێنی خۆم شۆک بووم، زمانم لەجوڵە کەوت، ئەندامەکانی لەشم تواناى وەستانیان نەما.

بەخێرایی مۆبایلەکەم دەرهێنـاو پەیوەنـدیم بەپیـاوەکەم کـرد، گوتم تەواو دەبێت ئاشـکرای بکەیـن و بێیـتە لای براکـانم و وەکو داواکار، منیش دەڵێم ڕازیم و لەپێش ئەوان مارەم بکە.

کەچی قسەی ئەو ئەوەبوو: ببورە ئەوشتە ناکرێ، من خێزان و منداڵم هەیە نامەوێ ژیانیان تێکبـدەم، لێـرەوە گـوێبگرە، ئەوە تەڵاقم دای و بۆخۆت شوو بەو کەسەبکە هاتۆتە داوات.

بەڵێ وێران بووم، هەر لەمۆبایل تەڵاقـی دام و جیـابۆوە لـێم، بەڕاستی وێـرانم، شـوو بـکەم؟ چـۆن بـیکەم؟ گەر ڕۆژێـک ئاشکرابوو چی؟ هەزاران پرسـیار دێـن و دەچـن و وەڵامێـکی ڕوونم دەستناکەوێت، بەڕاستی ڕووخاوو سەرلێشێواوم.

# چیرۆکی شەشەم

پیاوێک دوای گفتوگۆکردن پێشنیاری بۆکردم بۆهاوسەرگیری مسیار، و بڕوای پێهێنام کە ئەم هاوسەرگیرییە شتێکی باشەو حەڵاڵەو کێشەی نییە، بۆیە منیش شووم پێی کرد بەنهێنی.

دوای سێ مانگ لـێم تێربـوو تەڵاقـی دام، دواتـر پێشـنیاری کەسێکی تری بۆکردم، شووم پێی کرد دوای چەنـد مانگێـک ئەویش تەڵاقی دام، دواتر کەسێکی تر...

لەڕاستیدا وەک لەشفرۆشێک ئێستا خۆم دێتە پێش چاو.

# چیرۆکی حەوتەم

شووم بەپیاوێک کرد، سەرەتا هێندە بەڕێزبوو، وامدەزانی گەیشتووم بەئاواتی ژیانم.

دوای ماوەیەک ژیان و گەڕان و سەرجێیی کردن، دوای ماوەیەک داوای ئەوەی دەکرد کە لەدواوە سەرجێیی بکەین، منیش قبوڵم نەدەکرد.

کاتێک داوای دەکرد خۆم زۆر بەکەسێکی سووک و کەم دەبینی، هەستم دەکرد وەکو لەشفرۆشێک مامەڵە دەکات.

ئەمەش بووە هۆکاری جیابوونەوەمان.

## چیرۆکی هەشتەم

وەستابووین، گوتی: ئەو گەنجە دەبینی؟

گوتم: بەڵێ

گوتی: دایکی ئەو گەنجە بەڕێگای مسیار هەشت مانگ خێزانم بوو، حەفتەیەک پێش ئێستا جیابووینەوە.

سەیری گەنجەکەم کرد، گوتم گەر بەم کارە بزانێت دایکی ئاوا هاوسەرگیری کردووەو جیابووەتەوەو ئاوا بەسووکی باسیدەکەن دەبێت چی بکات و هەڵوێستی چی بێت؟.

# بەشی دووەم

"هاوسەرگیری مسیار، پێناسەکەی، و حوکمەکەی لەگەڵ بۆچوونی زانایان سەبارەت بەم زەواجە"

# هاوســـەرگیری مســـیار، پێناســـەکەی، و حوکمەکەی لەگەڵ بۆچونی زانایان

## سەبارەت بەم هاوسەرگیرییە

هاوسـەرگیری مسـیار مشـتومڕێکی بـەرفراوانی لەنێوەنـدە ئیسـلامییەکاندا ورووژانـدووەو پرسـیارەکان دەربـارەی حوکمی شەرعی و ئەو جیاوازییانـەی کـە لـەجۆرەکانی تـری هاوسـەرگیری وەک هاوسـەرگیری مـوتعە جیـای دەکەنـەوە، زۆرن. لـەم چوارچێوەیـەدا، حـوکم و بۆچوونـە جیاوازەکـانی پەیوەست بەو بابەتە دەخەینەڕوو.

## پێناسەی هاوسەرگیری مسیار

هاوسەرگیری مسیار بریتییە لەگرێبەستێکی شـەرعی نێـوان ژن و پیاوێـک کە هەمـوو ڕوکـن و مەرجە سـەرەکییەکانی هاوسەرگیری ئیسلامی تێدا بەدی هـاتووە، وەک ڕەزامەنـدی هەردوو لا، ئامـــادەبوونی سەرپەرشـــتیار (وەلـــی) و دوو گەواهیـدەر، هەروەهـا دیـاریکردنی مـارەیی. بەڵام ئەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەوانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ژنەکە بەڕەزامەنـدی تەواوی خـۆی واز لەهەنـدێک مـافی خـۆی دەهێنێـت، وەک مـافی نیشـتەجێبوون و بژێـوی (نەفەقە) و مافی مانەوەی مێردەکەی لەلای.

## دیارترین تایبەتمەندییەکانی

گرێبەستێکی شەرعی هەمیشەیی: ئەمە هاوسەرگیرییەکی هەمیشەییەو کاتیی نییە، واتە بەکات سنووردار نەکراوەو هەموو ئاسەوارە شەرعییەکانی هاوسەرگیری ئاسایی وەک سەلماندنی ڕەچەڵەک (نەسەب) و میراتی لێدەکەوێتەوە.

-وازهێنان لەهەندێک ماف: تایبەتمەندی سەرەکی ئەم هاوسەرگیرییە ئەوەیە کە ژنەکە بەویستی خۆی واز لەمافی نیشتەجێبوون دەهێنێت، واتە ناچێتە ماڵی مێردەکەی، یان واز لەمافی بژێوی دەهێنێت یان هەردووکیان. هەروەها ئەگەر پیاوەکە ژنی تری هەبێت، ژنەکە دەتوانێت واز لەمافی دابەشکردنی ڕۆژەکان بۆمانەوە لەلای بهێنێت.

-پاراستنی مافەکانی تر: ژنەکە مافە شەرعییەکانی تری خۆی دەپارێزێت، کە گرنگترینیان مارەییە کە مافێکی تایبەتی خۆیەتی، جگەلە مافی میرات کە تەنانەت ئەگەر لەگرێبەستەکەدا مەرجی وازلێهێنانیش دانرابێت، ئەم مافەی نافەوتێت.

-بەرپرسیارێتی منداڵ: ئەگەر لەم هاوسەرگیرییەدا منداڵ ببێت، ئەوا بژێوی و نیشتەجێبوون و هەموو پێداویستییەکانیان ئەرکێکی سەرەکی باوکەکەیە.

## هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی

بڵاوبـــوونەوەی هاوســەرگیری مســیار بۆچەنــدین هۆکــاری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگەڕێتەوە، لەوانە:

-بەرزی تێچووی هاوسەرگیری و گرانی مارەیی، کە وادەکات هەندێک گەنج بەدوای ڕێگەچارەی کەمتر تێچوودا بگەڕێن.

-خواســتی هەنــدێک لەئافرەتــان، بەتــایبەتی بێوەژنــان، ئەو ئافرەتـــانەی تەمەنیـــان چـــووەتە ســـەر، یـــان ئەوانەی لەهاوســەرەکانیان جیــابوونەتەوەو دەیانەوێــت هاوســەرگیری بــکەن بۆپاراســتنی خۆیــان بەبــێ ئەوەی بــارودۆخی ژیانیــان بگۆڕن یانماڵەکانیان بەجێبهێڵن.

-بــارودۆخی هەنــدێک پیــاو کە زۆر گەشــت دەکەن یــان بەرپرسیارێتی خێزانییان هەیە کە ڕێگریان لێدەکات پابەندبن بەهاوسەرگیرییەکی تەواو ئاسایی.

-خواســتی هەنــدێک پیــاو بــۆفرەژنی لەکاتێکــدا توانــای کــردنەوەی مــاڵێکی نوێیــان نیــیە یــان لەڕەتکــردنەوەی ژنــی یەکەمیان دەترسن.

# حوکمی هاوسەرگیری مسیار

زانایان جیاوازن لەبارەی حوکمی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، هەندێکیان پێیان وایە دروستە، و هەندێکی تریان پێیان باش نییە، ئێمە چەند تێبینیەک لەم بارەوە دەخەینە ڕوو:

یەکەم: هیچ یەکێک لەزانایان نەیان گوتووە ئەم هاوسەرگیرییە بەتاڵەو ڕاست نییە، بەڵکو تەنها ڕێگریان لێکردووە لەبەر ئەو زیانانەی کە بەئافرەتەکە دەگات، وهەندێ جار ڕەنگە پیاوێک لەگەڵ ئافرەتێکدا بەحەرامی ڕابوێرێت و پڕوپاگەندەی ئەوە بکات مارەی کردووە، هەروەها ئەو منداڵانەی کە لەو ئافرەتە دەبێت پەروەردەیەکی دروست پەروەردە نابن لەبەر دووری باوکیان لێیان.

دووەم: هەندێک لەو زانایانەی کە بەدروستیان زانیووەو پاشان پەشیمان بوونەتەوە، وەکو شێخ عبد العزیز بن بازو شێخ عبد العزیز آل الشیخ، هەروەها شێخ محمد بن صالح العثیمین سەرەتا بەدروستی دەزانی بەڵام دواتر وەستانی کرد لەنێوان دروستی و نادروستیدا، بەڵام شێخ ئەلبانی یەکێکە

لەگرنگترین ئەو زانایانەی کەئەم هاوسەرگیرییە بەدروست نازانێت.

**سێیەم:** ئەو زانایانەی کە بەدروستیان زانیووە نەیانبەستووەتەوە بەماوەیەکی دیاری کراوەوە وەک **موتعە** ، واتە : نابێت ئەو هاوسەرگیرییە بۆکاتێکی دیاری کراو بێت، و نەیان گوتووە بەبێ بوونی سەرپەرشتیاری ئافرەت دروستە، چونکە هاوسەرگیری کردن بەبێ سەرپەرشتیاری ئافرەت بەتاڵە، هەروەها نەیان گوتووە ئەم گرێبەستە بەبێ گەواهیدەرو ئاشکرا نەکردن دروستە، بەڵکو پێویستە هەردووکیان هەبن.

## بۆچـــوونی زانایـــان دەربـــارەی ئەم جـــۆرە هاوسەرگیرییە

پرسیار کراوە لە ئیبن باز "ڕەحمەتی خودای گەورەی لێبێت":

لەبارەی هاوسـەرگیری مسـیارەوە، ئەوەش ئەوەیە پیـاو ژنـی دووەم یـاخود سـێیەم یـاخود چـوارەم دێنێـت ، وە ئەو ژنە لەبارودۆخێکـدایە وەهـا دەخوازێـت لەلای مـاڵی بـاوکی بمێنێتەوە ، جا مێردەکەی لەچەند کاتێکی جیاوازدا سـەردانی دەکات لەو کاتانەی کە گونجاوە بۆهەردوو لا، جا حوکمی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە چییە؟ .

لەوڵامدا گوتویەتی: هیچی تێدا نییەو دروسـتە گەر هەمـوو مەرجەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری شەرعی تێدا بێـت، کە بریتییە لەئامـادەبوونی سەرپەرشـتیاری ئـافرەتەکەو بـوونی دوو گەواهیـدەری دادپەروەر، وە هەریەک لەژن ومێـردەکە هیچ ڕێگریەک نەبێـت لەهاوسـەرگیری کردنیـان، بەبەڵـگەی گشتگیری ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ: ( أحق ما أوفيـتم من الشـروط أن توفـوا بـه مـا اسـتحللتم بـه الفـروج )، واتە: لەپێشترین مەرج کە پێویست بێـت پابەنـدبن پێـوەی ئەوەیە کەداوێنی ئافرەتێکتان بەهۆیەوە بۆحەڵاڵ بووە .

وەلەبەر ئەم فەرموودەیە: ( المسلمون علی شروطهم) ، واتە: موسوڵمان دەبێ پابەندبن بەپەیمان و بەڵێنەکانیانەوە

جا هەرکات ژن و پیاو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئافرەتەکە لەلایماڵی باوکی بمێنێتەوە ، یاخود ئەو پیاوە بەڕۆژ لای دەمێنێتەوە نەک شەو ، یاخود چەند ڕۆژێک یاخود چەند شەوێکی دیاریکراو لای دەمێنێتەوە: ئەوا دروستە و هیچی تێدا نییە بەمەرجێک هاوسەرگیریەکە ڕابگەیەنرێت، ونەیشارنەوە "[1]

*هەندێک لەقوتابیەکانی شێخ لێیان گێڕاوەتەوە گوایە کۆتا قسەی ئەوە بووە فەتوای بەدروستی ئەم جۆرە هاوسەرگیریەی نەداوە، بەڵام ئێمە هیچ شتێکی نوسراومان لەبەر دەستدا نییە تاوەکو پشتی پێببەستین.

- پرسیار کراوە لەشێخ (عبد العزیز آل االشیخ):

قسەیەکی زۆر دەکرێت لەبارەی دروستی و نادروستی هاوسەرگیریی مسیارەوە، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەین قسەیەکی یەکلاکەرەوەی تێدا بکەن لەگەڵ ڕوونکردنەوەو مەرجەکانی گەر ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دروستە؟.

---

" [1] فتاوی علماء البلد الحرام " ( لا ٤٥٠ ، ٤٥١ ) ، و" ڕۆژنامەی جەزیرە " ژمارە ( ٨٧٦٨ ) دووشەممە ١٨ی جەمادی یەکەم ١٤١٧کۆچی..

لەوڵامدا گوتویەتی: مەرجەکانی هاوسەرگیری بریتین لەوەی هەریەک لەژن ومێرد دیاری بکرێن وڕازی ببن و سەرپەرشتیاری ئافرەتەکەو دوو گەواهیدەر ئامادە بن، جا کاتێ کە مەرجەکان تەواو بوون و هاوسەرگیرییەکە ڕاگەیەنراو هەریەک لەژن و مێردەکە هەوڵی شاردنەوەیان نەداو وەلیمە بۆ هاوسەرگیرییەکە کرا ئەوا ئەو هاوسەرگیرییە دروستە، جا ئەوکات هەرناوێکی لێدەنێی کێشە نییە [1]".

- پرسیار کراوە لەشێخ ئەلبانی لەبارەی هاوسەرگیری میسیارەوە، ئەویش بەدروستی نەزانیوە لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: مەبەست لەهاوسەرگیری ئارامی و ئاسوودەییە، هەروەک خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ آَيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآَيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾، الروم: ٢١ . واتە:

---

[1] ڕۆژنامەی جەزیرە" هەینی ١٥ی ڕەبیعی دووەم ١٤٢٢ کۆچی ، ژمارە : ١٠٥٠٨.

یەکێک لەئایەت ونیشانەکانی خودا ئەوەیە لەخودی خۆتان خێزانی بۆدروست کردوون بۆئەوەی ببێتە سوکناو مایەیی ئارامی بۆتان ، وخۆشەویستی وبەزەیی خستۆتە نێوانتانەوە ، بەڕاستی لەوەها کارێکدا ئایەت ونیشانە هەیە بۆ گەلێک کە تێ بفکرن.

دیارە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەم شتەی (ئاسوودەیی وئارامی) تێدا نایەتە دی.

دووەم: ڕەنگە ئەو پیاوە لەم ئافرەتە منداڵی ببێت و بەهۆی دووری لەم ئافرەتەوە، وکەم هاتنی بۆلای کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر منداڵەکانی لەڕووی پەروەردەو ڕەوشتەوە.[1]

---

[1] بڕوانە: " أحكام التعدد في ضوء الكتاب والسنة " ( لا ٢٨ ، ٢٩ ).

## ئایا ئەم هاوسەرگیرییە وەکو نیکاحی موتعە کاتییە؟

نەخێر ئەم هاوسەرگیییە کـاتیی نیـیەو مـارەییش بۆئـافرەتەکە دیاریکراوە جا حوکمی زانایان ئەوەیە هەندێ لەزانایان فەتوای ئەوەیان داوە کە مەرجەکـانی هاوسـەرگیری شـەرعی تێـدایە تەنها ئەوەیە ئافرەتەکە (واز لەمافی خۆی دەهێنێت) .

بەڵام کەسانی تریش ڕای جیاوازیان هەیە دەڵێن بوونی ماڵ و خەرج (نفقة) ناگەڕێتەوە بۆویستی ئافرەتەکە بەڵکـو لەسـەر پیاوان دانراوەو حیکمەتی تێـدایە وە لەم شـێوەیەدا (سـالاری پیاو) لەناودەچێت وەک خودای گەورە دەفەرموێت: (الرِّجَـالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء) لەمەشەوە چەندین کەم وکوڕی و خـراپە ڕوودەدات وەک :

١- دووری مێردەکە لەچاودێری و پەروەردەی ئەو ئافرەتەیە .

٢-بێبەشبوونی ئەو منـداڵانەی دوور دەکەونەوە لەپەروەردەی باوک .

٣-قورسبوونی خەرجیدان لەسەر ئافرەتەکە .

٤-کـرانەوەی دەرگـای بـایەخ نەدان و بەسـەر نەکـردنەوەی ئـــافرەتەکە لەلایەن مێـــردەکەوە ئەمەش ئەگەری ڕوودانی کاری خراپی لێدەکرێت .

٥-ســـــاردکردنەوەی خەڵـــک لەهاوســـەرگیری ئیســـــلامی کارپێکراو بەهۆی هەڵگرتنی ماڵ دروست کردن و خەرجدانی ژنەکە کە ئەمەش لەم سەردەمەدا دژوارەو ئەمەشـە هـۆی ژن نەهێنان و گەورەبوونی زۆرێک لە لەکچانە .

بۆیە ئەمەیان بەکارێکی خـراپ دانـاوەو ڕەخنەیـان لێگرتـووە تەنانەت لەکۆمەڵگەدا کەسانێکی کەم نەنـاسراو ئەو کـارەیە دەکەن بەتایبەت ئەو خانەوادەو خێزانانەی لەنـاو کـۆمەڵگەدا پلەو پایەو ناوبانگیان هەیەو خاوەنی کەسـایەتی خۆیـانن ئەو کـــارە نـــاکەن جـــا وا چـــاکترە ئەم دەرگـــایە نەکـــرێتەوەو هاوسەرگیری شەرعی زیان نەبینێـت چـونکە بەڕاسـتی ئەمە کاردەکاتە سەر هاوسەرگیری ئیسلامی کارپێکراو .

## پێغەمبەر (د.خ) چی دەربارەی هاوسەرگیری مسیار فەرمووە؟

"هاوسەرگیری مسیار" لەسەردەمی پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ دا نەبووە، بۆیە ناوێکی هاوچەرخە لەبەرئەوەی هیچ فەرموودەیەکی ڕاستەوخۆی پێغەمبەر نییە کە بەناوی هاوسەرگیری مسیارەوە باسی بکات. بەڵام ئەوانەی کە بەدروستی دەزانن، پشت بەبنەما گشتییەکانی دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری لەئیسلامداو ڕووداوی خۆشبوونی خاتوو سەودەی کچی زەمعە لەمافی مانەوەی دەبەستن.

## لەکۆتاییدا:

هاوسەرگیری مسیار مشتومڕێکی فیقهی و کۆمەڵایەتی دروستکردووە. لەکاتێکدا هەندێک بەچارەسەرێکی شەرعی بۆبارودۆخێکی دیاریکراوی دەزانن، هەندێکی تر ڕەخنەی لێدەگرن بەهۆی ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی شکۆی ئافرەت یان بەدیهێنانی تەواوەتی مەبەستە بەرزەکانی هاوسەرگیری وەک ئارامی و خۆشەویستی.

لەهەرێمی کوردستان ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان ڕایگەیاندووە کە هاوسەرگیری مسیار پێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵگای کوردییەو بەگونجاوی نازانن.

کەواتە موسڵمانان دەبێت بەباشترین شێوە خۆپارێزی بکەن لەهەر حاڵەتێکی لەم شێوەیەی ئەنجامدانی هاوسەرگیری، تا ژیانیان نەبێتە پەندو وانەو چیرۆکی دەمی خەڵک و ڕۆژانە بگێڕدرێتەوەو باسیان بکرێن...

بەڵام ئەگەر مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعی بەدیهات، ئەوکاتە پیاوان دەتوانن ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجامبدەن.

## بەرهەمەکانی نووسەرو وەرگێڕ (سالار عمر):

١- ژیانی دووەمی مرۆڤ.

٢- پێگەی دایک و باوک لەم سەردەمە.

٣- ڤاڵانتاین لەنێوان ڕاستی و چەواشە.

٤- فیستیڤاڵی ڕەنگەکان (holi).

٥- دەریایەکی بێ کەنار.

٦- هالۆوین جەژنی دەرەمۆک و ترسنۆکەکان.

٧-وشەکانم دەنگیان نایە.

٨-شاری زینا (pompeii)

٩-یۆگا لەنێوان (وەرزش، فەلسەفە، ئاییندا).

١٠- (٢٠)بابەتی گرنگ و پوخت دەربارەی قوربانیکردن

١١- ئاهەنگی ڕۆژی دەرچوون لەکۆلێژ و پەیمانگەکان.

١٢- جوولەکە لەتەورات و ئینجیلدا.

١٣- شاخەوانی (مێژوو،پێداویستی، سوودەکانی).

١٤- دوورگەی لیتل سانت جەیمس. "L.S.J".

١٥- ناوبانگی پووچ (تیک تۆک چییەکان).

١٦- مرۆڤی سەگی.

١٧- ٤٥ بەڵگە لەسەر گەورەیی زانست. ( وەرگێڕان).

١٨-سووکایەتیکردن بە ئایین بە پاساوی ئازادی.

١٩- ئایا ماڵێکی بێکێشەت دەوێت؟ (وەرگێڕان)

٢٠-هاوسەرگیری مسیار و دەرئەنجامەکانی

( ٨ کورتە چیرۆکی ڕاستەقینە).

بەرهەمەکانی بۆمنداڵ و نەوجەوانان.

١- پایەکانی ئیسلام و ئیمان بۆمنداڵان و نەوجەوانان.

٢- ئادابی ئیسلامی جوان بۆ منداڵان و نەوجەوان.

٣- بیست پرسیار لەلایەن منداڵان وەڵامیان لەپێغەمبەری خودا ﷺ.

٤-جەژنەکانی ئێمە.